# ئایا دەستوور  یاساییە ئەگەر پەسند بکرێت

تەمەن هەولێری

لێرەدا دەمەوێ بەکورتی باسی تەنها لایەنە یاساییەکە  بکەم ، دەڵێم ئەگەر دەستوور پەسند بکرێت ( پەسند دەکرێت چونکە سەرکردایەتی کورد نایەوێت  کێشەی کورد تەواو بێت ) ، ئایا بە گوێرەی هەموو بنەما یاساییەکان ،  یاسایی ( شەرعیەتی ) نیە ، لەبەر یەك هۆی سەرەکی کە ئەویش زۆر سادەیە . خەڵکی عیراق بەگشتی و خەڵکی کوردستان بەتایبەتی ، نازانن دەنگیان بە چی داوە ، ئینجا ئەگەر بە( بەڵێ )  یان ( نەخێر ) ، دەنگیان دا بێت

لە لایەنی یاسایی دەنگ دانەکە بەتاڵە ( باطل ) ە چونکە کەس نازانێ دەنگی بە چی داوە ، بە لایەنی یاسایی ئەگەر هەر (عقد ) ێك ، هەردوو لایەن لە ناوەڕۆکی ( عقد ) ەکە شارەزایەکی تەواویان نەبێت  ئەوا حەتما یەك لە لایەنەکان ( غبن ) ی بەسەر چەسپاوە.

لە لایەن  هەمووومان  ئاشکرایە کە دەستوور ( عقد ) ێکە  لە نێوان کۆمەڵگا ( میللەت ) لەگەڵ دەسەڵات ( میری ) ناوەڕۆکەکەشی پەیوەندی  هەیە بە ڕێکخستنی ئەو ( پەیوەندی)ە لە نێوان ( کۆمەڵگا)  و  ( دەسەڵات ) ، بۆ چۆنیەتی  بەڕێوەبردنی  دەسەڵات لەناو  ئەو کۆمەڵگایە .

لێرەدا دەڵێم  ئەو دەستوورە  هیچ ئەو  بنەما  یاساییەی  نەك تەنها  تێدا  نابینرێت ، بەڵکو  ئەو بنەما یاساییە  پێشێلیش کراوە زۆر  بە ئاشکرایی ، لە وولاتێك کە  بڕیار  وایە  لەسەر بنەمایەکی یاسایی درووست بکرێت ، بە زەقی چاوان تا ڕۆژێك پێش دەنگ  دان ، ئەو دەستوورە  هەر  لە  گۆرانکاری دابووە . تەنانەت  هەر  ئەوەندە  بەسە  باسی  بکەم  کە جیاوازی نێوان ئەو دەقەی پێشکەش بە پەرلەمانی ( عیراق و کوردستان ) کرا ، پێك هاتبوو لە ( 153 ) مادده بەڵام ئێستا وەك و ا بێت کورت کراوەتەوە و بووە بە ( 137) مادده  ، بە  لێکدانەوەیەکی ماتماتیکی ساده دەبینین  ( 16 ) مادده نەماوە ، تا  ئێستا مەگەر خوا و خائینانی کورد و  (  سیستانی  ) } کە نیعمەتێکە خوا بۆ مامە  و  گەلی عیراق رەوانەی کردووە } بزانن ئەو ماددانە چین کە لا بردراوون ، لەبەر خاتری  ( عمرو موسی ) و  ( برا عەرەبە سوننییەکانی مامە و کاکە . )

ئینجا ئەوەندە بەسە کە خەڵك نازانێ دەنگی بە چ داوە بە ( ئا )  یان بە  ( نا . )

کەواتە ئەو جۆرە دەنگ دانە نایاساییە  ( ناشەرعییە ) . بە گوێرەی یاسا  ، دەستوور نابێت بەسەر گەلی عیراق و کورد بسەپێنرێت . ئەگەر هەر شتێکیش بە زۆر سەپێندرا دوورە لە  دیموکراسیەت.